# ئەشکەوتەکەی پلاتۆ (ئەفلاتوون)

شارل ڕۆبەن

**لە فەڕەنسییەوە : سەردار حەمەڕەش**



٥ی تشرینی دووەم، ٢٠٢١   هزر

ئەمە دەقی وانەیەکی پرۆفیسۆر (شارل ڕۆبەن)ی فەڕەنسییە بە ڤیدیۆ بڵاوی کردووەتەوە.

ڕۆژتان باش

ئەمڕۆ باسی پلاتۆ دەکەین، بەتایبەتی تێکستەکەی بەناوی "ئەلیگۆریی ئەشکەوت" (allegory : چیرۆکی ڕەمزی)، دەڵێم "ئەلیگۆری"، ناڵێم "میتۆلۆژی"، چونکێ مەبەستی میتۆلۆژی گێڕانەوەی بنیاتنانی شارستانیەتە، بەڵام تێکستی پلاتۆ، ویست و داوای ئەوەی نییە شارستانیەت بنیات بنێت. "ئەلیگۆریی ئەشکەوت"، تێکستێکە لە ئاستی ئەوەدایە ببێتە پوختکراوەی هزری پلاتۆ، ئەگەر ئەمڕۆ بە مەبەست باسی ئەم تێکستە دەکەین لەبەر ئەوەی کە ناتوانین لە پلاتۆ تێبگەین بەبێ ئەوەی باسی ئەم تێکستەی نەکەین بەهەر جۆرێک بێت.

چەند زانیارییەک لەسەر بیۆگرافی (پلاتۆ-ئەفلاتوون): پلاتۆ فەیلەسوفێکی یۆنانی سەدەی پێنج و شەشی پێش زایینە، شاگردی سوقرات بوو، سوقرات خۆی هیچی نەنووسیوە، تەنها دەرسی وتوتەوە بەبێ نووسین و تێکست، ئەوەی دەیزانین لەسەر فەلسەفەی سوقرات لە ئەفلاتوونەوە بۆمان ماوەتەوە بە تایبەتی دیالۆگی پلاتۆ کە تیایاد چەند کەسایەتییەک دەخاتە سەر شانۆ کە ناسیونی، لەوانە سوقرات. لەناو ئەو تێکستانەدا پلاتۆ سەرەداوێکمان لەسەر فیکرە و بۆچوون و کۆنسێپتی سوقرات بۆ باس دەکات بە هۆی دیالۆگ و قسەی جیاوازەوە. کاتێک ژیل دۆلوز دەڵێت: "پلاتۆ کەسایەتییەکی کۆنسێپتوێل بووە هەتا کەسایەتییەکی هەقیقی و مێژوویی"، لەبەر ئەوەی ئەو دیالۆگانەی کە پلاتۆ بۆمانی باس دەکات نازانین کە ئایا ڕوویان داوە یان نە، بۆیە نازانین ئایا فیکرەی پلاتۆ ئاوێنەی تەرجومەی فیکرەی سوقراتە یان لە ڕاستیدا فیکرەی پلاتۆ خۆیەتی، ئەمەش دیبەیتێکە وازی لێ دەهێنم بۆ شارەزایان، بەڵام با بیهێنمەوە یادتان کە پلاتۆ بە شێوەیەکی تەواو گوزارشتی لە فیکری خۆی کردووە لە کتێبێکدا بە ناوی؛ کۆمار (Republic )ەوە، کە تیایادا بە شێوەیەکی ورد باسی کالیپۆلیس دەکات، کالیپۆلیس بە مانای: شاری جوان دێت. ئەلیگۆریی ئەشکەوت بەشێکە لەو کارە، لەو ئەلیگۆرییەدا پلاتۆ لەژێر فورمێکی مێتافۆریکیدا کۆنسێپتی خۆی و ڕێگای بەدەستهێنانی زانین(مەعریفە-connaisance) دەخاتە ڕوو. دەتوانین بڵێین کە ئەلیگۆڕی ئەشکەوت بۆ پلاتۆ ڕوونکردنەوەی ڕەوشی مرۆڤایەتییە.

پێش ئەوەی بچینە ناو شیکاری ئەلیگۆریی ئەشکەوتەوە، پێویستمان بە ڕوونکردنەوەی چەند بنەمایەک هەیە: لەوەوبەر باسی پلاتۆمان کرد لە وانەی (هەقیقەت هی ئەم جیهانە نییە)، بەڵام لێرەدا جارێکی تر چەند خاڵێکی ڕوون

دەکەمەوە بۆ ئەوەی باشــتر لە باســەکە تێبگەین لە شــیکار و ڕوونکردنەوەکەمان لەسەر ئەلێگۆریی ئەشکەوت.
ئەوەی بنەڕەتییە لای پلاتۆ، ئەو هەقیقەتەیە کە ئێمە تیایدا پەرە بە ژیانمان دەدەین، واتە هەقیقەتی ماتریاڵ، هەقیقەتی فیزیکی لە دەوروبەرمان، بۆ پلاتۆ ئەو هەقیقەتە هەقیقەتی ڕاســتی نییە. مانای چییە کە دەڵێین هەقیقەتی ڕاســتی نییە؟ لەبەر ئەوەی تۆزێک نامۆیە بە گوزارشــت. بۆ تێگەیشــتن دەبێت بگەڕێینەوە بۆ جیاوازییەکی بنەڕەتی کە پلاتۆ باسـی دەکات ئەویش دوو جۆر هەقیقەتە، کە هەریەکێکیان لەژێر کـاریگەریی ئەوی تریـاندایە، ئەویش هەقیقەتی هەســـتەکی و هەقیقەتی ئەقڵانی، ناهەستەکی (intelligible)[1].

مانای هەقیقەتی هەســـتەکی چییە؟ ئەو هەقیقەتەیە کە ئێمە لە ڕۆژانەدا تیایاد پەرە دەســـێنین، جیهـانی فیزیـایە، واتە ئەو جیهـانەی کە هەســـتی پێ دەکەین بە هەســـتەکـانمـان، هەقیقەتی مـاتریـاڵە کە لەژێر کـاریگەری و پەرەســـەنـدن و گۆڕانکـاریـدایە، بەڕوونی دەتوانین بڵێین لەژێر کـاریگەریی ســـایکلی کـاتی، بەرەوەخت، تێژپەڕدایە. ئەو هەقیقەتەی کە ســـەرنجی دەدەن لە چواردەورتـان بە ئەبەدی بوونی نەبووە؛ ئەو درەختانەی دەیبینن لە دارستانێکدا یان ئەوە شاخوداخانە لەوەوبەر بوونیان نەبووە، پێش میلیۆنان ســـاڵ ئەو شـــتانە بوونیان نەبووە، لەبەر ئەوەی ئەمانە هەموویان بەرهەمی پەرەســـەندنی فیزیاییـن، بەرهەمی وەرچەرخانی بەردەوامی ماتریاڵن، بۆیە جیهانی هەســـتەکی، جیهانی ماتریاڵ و فیزیایی، جیهانی وەرچەرخانی بەردەوامە، جیهانی بەبوونە، بۆ پلاتۆ جیهانی بوون-بە (سەیروورە) هاوواتای دافەوتانە، داوەشـــانە، داڕزانە. نموونەیەکی ســـادە دەهێنمەوە؛ ئەگەر ئۆبژەیەک بکڕیـت لە بـازاڕدا، ئەو ئۆبژەیە لەگەڵ زەمەنـدا ئەســـوێـت، لەکـار دەکەوێت، لەوانەیە دواجار بیخەیتە تەنەکەی خۆڵەوە، هەرچۆنێک بێت ئەو ئۆبژەیە لەگەڵ زەمەندا هەڵدەوەشـــێتەوە، دادەڕزێت هەتا لەناو دەچیت، ئەگەر ئەتۆمەکانی کە پێکیهێنـاوە لەنـاو نـاچن ئەوا ئۆبژەکە وەک ئۆبژە لەنـاو دەچێت، لەبەر ئەوەی ماتریاڵ لەگەڵ زەمەندا لەناو دەچێت، ماتریاڵ توانای بەردەوام بوونی ئەبەدی نییە،

[1] ئەنتیلیژیبل ( intelligible )؛ بە مانای ئەو هەقیقەتە دێت کە بە هزر هەستی پێ دەکەین نەک بە هستەکانمان.

به هەمان شێوە جەستەی مرۆڤیش لەگەڵ زەمەندا پیر دەبێت، دەسوێت، دادەڕزێت و لەناو دەچیت، جەستەی مرۆڤ نموونەیەکی ئەو پەرەسەندنە حەتمییەیە کە هەموو جەستەیەکی فیزیایی لە کۆتاییدا لەناو دەچن لەگەڵ زەمەندا، بۆیە جیهانی هەستەکی جیهانی هەڵوەشاندنەوە و دارزانە، هەروەها جیهانێکی ناپێرفێکتە، ئەو پەندە دەزانن کە دەڵێت؛ پێرفێکسیۆن هی ئەم جیهانە نییە، بە واتای هەموو ئەو ئۆبژانەی لە جیهانی فیزیاییدان، پێرفێکت نین، بەبێ کەموکوڕی نین، بۆ نموونە ئەگەر بازنەیەک بکێشیت لەسەر پەڕەیەک، ئەو بازنەیە تەواو پێرفێکت نییە، چەند لارییەکی تێدایە، لەوانەیە بە هۆی نارێکی پەڕەکە یان ناتوانایی جۆری کێشانی بازنەکەت بێت، کەواتە ئەوەی ناومان ناوە بازنە، هەقیقەتێکی ڕۆحییە، هەقیقەتێکی ئایدیاڵە و لە فیکرەوە هاتووە، ئەگەر توانامان هەبێت بەهەر جۆرێک بێت بازنەیەکی پێرفێکت بکێشین ئەوە باسێکی ترە، بۆیە بۆ پلاتۆ ژیانی هەستەکی ئێمە بەپێچەوانەی ئێسپری(ئەقڵی)یەوە، مۆرکی ناپێرفێکشنی لێدراوە، بەپێچەوانەی هزر کە توانای هەیە پێشبینی ئۆبژەیەکی پێرفێکت بکات، کەواتە جیهانی فیزیایی ئێمە کە پلاتۆ باسی دەکات، ئەو جیهانەیە کە مۆرکی وەرچەرخانی بەردەوامی و ناپێرفێکشنی لێ دراوە. ئەگەر باش بیر بکەینەوە هەقیقەتی هەستەکی بەستراوەتەوە بە بزاوتنەوە، جیهانەکەمان هەمیشە لە بزاوتندایە بە ئەتۆمەکانیشیەوە.
سەرنجی کتێبێک بدە لە سەر مێزەکەت، بێگومان ناجووڵێت، بەڵام ئەو ئەتۆمانەی پێکی دەهێنن هەردەم لە بزاوتنی بەردەوامدان، هەر بۆیەش ئەو کتێبە بوونی هەیە چونکە ئەگەر ئەتۆمەکان نەجوڵێن واتە مردوون، ئەوا کتێبەکەش بوونی نییە، کەواتە هەموو جەستەیەکی فیزیایی پێکهاتووە لە ئەتۆم و مۆلوکول و پێکهەتەی تر کە هەمیشە لە بزاوتندان ئەمەش بوونێکی ماتریاڵیان دەداتێ، کەواتە جیهانی فیزیایی جیهانی بزاوتنە، ئەمەش یەک دەگرێتەوە لەگەڵ تیۆری مۆبیلیسمی هێراکلیت( Héraclite ٥٤٤ پێش زایین)، کە هەموو شتێک لە بزاوتندان، بۆیە بۆ هێراکلیت تاکە هەقیقەتی بوون وەرچەرخاندنە بە بەردەوامی، تەنها هەقیقەتی جیهانی فیزیایی، ناجێگیرییە، ئەوە کارەکتەری پەرەسەندنیەتی، دینامیکی کۆسمیکی بەردەوامییە کە وەها دەکات هەموو ئەو شتانەی وەک ماتریاڵ بوونیان هەیە لەژێر کاریگەریی کاتدان، لەژێر کاریگەریی بوون-بەدان، کەواتە هەقیقەتی هەستەکی واتە هەقیقەتی بوون-بە. باسی ئەوەمان کرد لە وانەیەک لەسەر بێرگسۆن (Henri Bergson ) و کاتدا. ئەگەر سەرنجی مرۆڤێک بدەین بۆ ماوەی چەند

کاتژمێرێک هەست بەوە ناکەین کە ئەو مرۆڤە پیر دەبێت، مۆرکی پیری لەسەر سەر و چاوی بە چاوت نابینیت، لەگەڵ ئەوەشدا دەزانین کە پرۆسەی بە پیربوون لە بەردەوامیدایە و پشوو نادات، بۆیە هەموومان بە بەردەوامی لە پیربووندایین، هەر چرکەیەک کە تێپەڕ دەبێت زیاتر لە مردن نزیکمان دەکاتەوە، هەر ئەمەشە کە هەقیقەتی فیزیاییمان دیاری دەکات ئەوەیە کە ئەو (بوون-بە)یە وەها دەکات کە شتەکان هەرگیز وەک شوناسی خۆیان نەبن، هەموو شتێک کە سەرەتایەکی هەیە کۆتاییەکیشی هەیە، لەدایکبوونێک واتە مردنێک لە کۆتاییدا، ئەگەر مردن بوونی نەبوایە ئێمە ئەم هەموو پرسیارانەمان نەدەکرد، ئەگەر کات بوونی نەبوایە، واتە ئەگەر شتەکەن بە بەردەوامی وەک خۆیان بوونایە.

ئەمەیە جهانی فیزیایی، ئەو جووڵاندنەوە بەردەوامەیە، ئەوە نەبێت کە بۆ پلاتۆ ڕاستە کە بزاوتن کارەکتەری جیهانی فیزیاییمانە، بەڵام جیهانی هەستەکییەکە هەستیان پێ دەکەین بە هەستەکانمان، هەموو هەقیقەت پێکناهێنن، جیهانی هەستەکی سەرەتا و کۆتایی بوون نییە، بۆ پلاتۆ لەولای جیهانی ئێمەوە هەقیقەتێکی تر هەیە، هەقیقەتێکی نەبینراو، هەست پێنەکراو بە هەستەکانمان، لەگەڵ ئەوەشدا هەقیقەتێک کە باڵاترە بەسەر هەقیقەتی هەستەکیمان، ئەو هەقیقەتەش پلاتۆ ناوی دەبات بە؛ هەقیقەتی ئەقڵانی (intelligible)، هەروەها ناویشی دەنێت؛ جیهانی جەوهەری، جیهانی هزر یان جیهانی ڕوون، هەموو ئەم گوزارشتانە لای پلاتۆ هاوواتان، بۆ پلاتۆ جەوهەر خاوەنی ئاستێکی هەقیقەتی باڵاترە لە هەقیقەتی هەستەکی، واتە بۆ پلاتۆ جەوهەرەکان زیاتر هەقیقەتن لە جیهانی هەستەکیمان، ئەمەش بۆ ئێمە ئاسان نییە تێگەیشتنی لەبەر ئەوەی ئێمە هەردەم هەقیقەت بە ماتریاڵ بوون دەزانین، بۆ ئێمە هەقیقەت ئەوەیە کە بەردەستکەوتووە، هەستپێکراوە، ئەوەی دەیبینین، ئەوەی هەستی پێ دەکەین لەبەر ئەوەی بۆ ئێمە ڕاستی بە مانای ماتریاڵ دێت کە بوونێکی فیزیایی هەیە، بۆیە بۆ ئێمە گرانە هەقیقەتێکی ناماتریاڵ بەرچاو بکەین، بەڵام ئەوەی هەموو فیکری پلاتۆمان بۆ ڕوون دەکاتەوە ئەوەیە کە هەقیقەتی ڕوون هەقیقەتێکی باڵایە بەسەر هەقیقەتی ماتریاڵدا، بێشک پرسیار لە خۆمان دەکەین ئەو جەوهەرانە چیین؟ ئەو هزرانە چیین؟ ئەو هەقیقەتە روونەی کە باڵایە بەسەر هەقیقەتی ماتریاڵدا و هەستی پێ ناکەین بە هەستەکانمان؟ لێرەوە ڕووبەڕووی تەنگژەیەک دەبینەوە؛ ئەگەر بە هێڵێکی ڕاستەوخۆ ڕوونکردنەوەیەک بدەم بەوەی کە پلاتۆ ناوی دەبات (هەقیقەتی

ئەقڵانی، ئەنتێلژیبل -intelligible )، دەتوانین بڵێین سکرچەری ناماتریالی هەموو شتێکە، کە دەڵێین هەموو شتێک مەبەست هەموو شتێکی ماتریاڵ و هەستەپێکراو. لەبەر ئەوەی هەروا ئاسان نییە گوزارشت بکەین لە هەقیقەتی ناهەستەکی وەک لای پلاتۆ باوە پەنا دەبەمە بەر نموونەیەکی یەکلێچوویی:
یارییەکی ڤیدیۆ بە نموونە دەهێنینەوە، کاتێک ئێمە یارییەکی ڤیدیۆیی دەکەین، ڕووبەڕووی چی دەبینەوە؟ ئێمە ڕووبەڕووی هەقیقەتێکی دروستکراو، ناڕاست دەبینەوە، واتە تۆ خۆت دەخەیتە جێگەی کەسێکەوە، ئەو کەسەش لە جیهانێکدا دێت و دەڕوات، کاتێک ئێوە ئەو یارییە دەکەن باش دەزانن ئەو فیگورە بە هەقیقی بوونی نییە، فیگورێکی دیژیتاڵە، ئەلەکترۆنیکە، ناهەقیقیە، مرۆڤێکی خاوەن گۆشت و ئێسک نییە، ئەگەر ئێوە خۆتان بەو فیگورە دەچوێنن، ئایا ستاتوی ئەو فیگورە چییە؟ مەبەستم ئەوەیە سروشتی ئەو فیگورە چییە؟ چییە بە هەقیقی؟ ڕەنگدانەوەی هزری تۆ نییە، چونکە هەر کەسێکی تر سەیری شاشەی ڤیدیۆکە بکات هەمان فیگور دەبینێت، ئەو فیگورە و ئەو جیهانەی تیایدا دێت و دەڕوات زمانی ئەنفۆرماتیکە، گوزارشتی ئەنفۆرماتیکە، گوزارشتی کۆدێکی ئەنفۆرماتیکە، واتە ئەو یارییەی کە تۆ دەیکەیت سیستەمێکی پرۆگرامی ئەنفۆرماتیکە لە لایەن کەسێکەوە دروستکراوە، بەپێی زمانی ئەنفۆرماتیک وەهمی کەسایەتییەک و جیهانێکمان بۆ دروست دەکات بە ئاراستەی هەستەوەریمان، وەهم بە مانای هەستەوەری، واتە ئێمە کۆدی ئەنفۆرماتیک نابینین، ئەوەی ئێمە دەیبینین گوازاشتی بینایی کۆدە ئەنفۆرماتیکەیە، ئێوە ئەو کۆدە ئەنفۆرماتیکە ناناسن، پێویستیشتان بەوەش نییە کە بیناسن، لەبەر ئەوەی، ئەوەی ئێوە گەرەکتانە یاریکردنە، ئێوە پێویستتان بەوە نییە چی ڕوو دەدات لەژێر گوزارشتی بیناییەوە، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین ئەو یارییە بکەین، دەبێت پێش هەموو شتێک کۆدێکی ئەنفۆرماتیک بوونی هەبێت، کۆدێکی ئەنفۆرماتیک کە یارییەکە دەبێتە گوزارشتی.
ئەمەش پێمان دەڵێت ئەگەر پەیڕەوی لە گۆشەنیگای پلاتۆ بکەین دەتوانین بڵێین ئەوەی کە زیاتر هەقیقەتە لەو وێنانەی لەسەر شاشەکەی بەردەمتاندا گوزەر دەکەن، مانیفێستی ڕستەی کۆدی ئەنفۆرماتیکە کە خۆیان دەنوێنن بە ئەنیمەیشن لەسەر شاشەکەت، هەر کاتێک ئەو ڕستە کۆدە ئەنفۆرماتیکانە لاببەیت، ئەو یارییە بوونی نییە، واتە پەیوەندییەکی بەستنەوە هەیە لەنێوان ئەنیمەیشن و کۆدی ئەنفۆرماتیکدا، بەڵام هەقیقەتی یارییەکە، ڤیدیۆی کۆدە نەک ئەنیمەیشن چونکە ئەنیمەیشن

گوزارشـتە، مانیفێسـتی کۆدە، ئەگەر ئەم نموونەیە تێگەشـتن ئەوا لەسـەدا نەوەدی مێتـافیزیکی پلاتۆ تێگەشـــتوون، واتە جیـاوازی لەنێوان هەقیقەتی هەســـتەکی و هەقیقەتی نەقڵانی. بۆ ئەوەی باشـــتر تێبگەین تیکســـتی پلاتۆ خۆی دەهێنینەوە. بۆ ئاگاداریتان بۆ ئەوەی بۆ خوێندنە باشـتر ڕوون بێت، هەندێکم لێ بڕیوە و هەندێک گۆڕانکاریم بەسەردا کردووە بەگوێرەی تێکستە ڕەسەنەکە.

**

خۆت بنوێنە بەم شـــێوەیەی دەیبینیت، ناتورمان بە فێرکاری و بە نەزانین، بیهێنە بەرچـاوی خۆت چەنـد کەســـانێـک لە نیشـــتەجێیەکی ژێرزەمینیدا لە شـــکڵی ئەشـــکەوتێکـدا، تیشـــکێکی ڕۆشـــنـایی لە دەلاقەیەکەوە بە درێژاییی هەموو ئەشـکەوتەکەدا تێپەڕ دەبێت. ئەو کەسـانەی لەوێدان لەوەتەی لەدایک بوون، قاچ و ملیـان بەســـتراونەتەوە بە جۆرێـک کە تەنهـا بەردەمی خۆیـان دەبینن و نـاتوانن بەملاوئەولادا بڕوانن و بجوڵێن بە هۆی کۆتی ملیانەوە. ڕۆشـــناییان لە ئاگرێکەوە بۆ دێـت لە بەرزاییەکەوە لە پشـــتی ئەوانەوە دوور لەوان، لەنێوان ئـاگر و بەندکراوەکانـدا ڕێگایەکی بەرزایی هەیە. بیهێنە بەرچاوی خۆت بە درێژایی ئەو ڕێگایە دیوارێکی بچوکیان هەڵچنیوە، وەک ئەو جیاکەرەوەی بۆ منداڵان دەکرێن لە یاری بووکەشـــوشـــەی بە پەت جوڵاندندا. لە بەردەمیاندا، لە ســـەرو ئەم دیوارەوە جیهانی قەشەنگیان پیشان ئەدەن.

بیهێنە بەرچاوی خۆت بەدرێژایی ئەو دیوارە، چەند کەســـێک چەندەها پەیکەری جۆراوجۆریان بەدەســـتەوەیە بە جۆرێک کە لە دیوارەکە بەرزتریان داناون، تەختە و دار و جۆری جیاوازییان بەدەســـتەوەیە، پەیکەر و شـــکڵی جیاوازیی ئاژەڵان و مرۆڤ بە دار و بەرد و هەموو جۆرە ماتریاڵێک.

لەم حاڵەتەدا ئەو کەســـانە هیچ شـــتێکی تریان نەبینیوە بە چاوی خۆیان جگە لەو ســـێبەرەی کە ئەو ئۆبژانە دروســـتی دەکەن لەســـەر دیواری ئەشـــکەوتەکەی بەرامبەریان، بەو ئاگرەی لە پشتیانەوەیە.

ئەگەر بیانتوانیایە لەگەڵ یەکتریدا بدوێن، وەها بیر ناکەیتەوە کە ئەو ســـێبەرانەی ئەوان دەیبینن بە شکڵی ڕاستی نەیەنە بەرچاویان؟

بیهێنە بەرچاوی خۆت، چییان بەســـەر دەێت ئەگەر ئازادییان بکەین، لەو نائاگاییە ڕزگـاریـان بکەین؟ یەکێـک لەو بەنـدکراوانە ئـازاد بکەین و هـانی بـدەین ملی وەرگێڕیـت و بڕوات، چـاوی هەڵبڕێـت بەرەو ڕۆشـــنـاییەک. لەگەڵ هەموو ئەو

جووڵاندنەوانەدا، بێگومان ئەشکەنجە دەچێژێت و بە بینینی شەوقێکی تیژ ڕێگەی لێ دەگرێت ئەو ئۆبژانە ببینێت کە وەک سێبەر دەیبینین لەوەوبەر. بە باوەڕی تۆ چۆن وەڵام دەداتەوە ئەگەر کەسێک پێی بڵێت ئەوەی لەوەوبەر بینیبونی خێوی بێ بایەخ بوون، بەڵام ئێستاکە کە نزیک بۆتەوە لە ڕاستییەوە و ئۆبژە ڕاستییەکان دەبینێت، باشتر دەیانبینێت؟

ئەی ئەگەر زۆری لێ بکەین خۆی سەیری ڕۆشناییەکە بکات، چاوەکانی ئازاری نادەن؟ ڕا ناکات لە بەردەم ئەو شەوقەدا و ناگەڕێتەوە بۆ لای ئەو شکڵانەی کە دەیتوانی بیانبینێت لەوەوبەر؟

ئەی ئەگەر بە زۆر لە ئەشکەوتەکە بیهێنینە دەرەوە، بەو ڕێگا سەختەدا سەری خەین و بەری نەدەین هەتا دەیبەینە بەردەم ڕووناکی خۆر، ئایا ئەشکەنجەیەکی بەزەبر ناکێشیت؟ سکاڵا ناکاتەوە لەو دژوارییە؟ کاتێکیش دەگاتە بەردەم خۆر ئایا دەتوانێت بە چاوی ڕەشکە و پێشکەوە جیاوزی بکات لەنێوان ئەو ئۆبژانەی کە ئێستا ناومان ناون ئۆبژەی هەقیقی؟ پێویستی بە ڕاهاتن هەیە بۆ بینینی ئۆبژەکانی دەرەوە، لە سەرەتاوە تەنها سێبەرەکان بەئاسانی دەبینێت، پاشان وێنەی کەسایەتییەکان و ئۆبژەکانی تر کە لە چاویاندا شەوق دەدەنەوە، پاشان ئۆبژەکان خۆیان. لەدوایدا، دەتوانێت، لە شەواندا ڕووبەڕووی ئەستێرە و مانگ بێتەوە، بە شەواندا سەرنجی ئاسمان و تەنەکانی ئاسمان باشتر بدات لە خۆر و تیشکی خۆر بە ڕۆژادا.

لە کۆتاییدا، دەتوانێت خۆر ببینێت و سەرنجی بدات وەک ئەوەی کە هەیە.

ئێستاکە خاڵ بە خاڵ دەبێت ئەو وێنانەی لەسەرەوە باسمان کردن بچوێنن لەگەڵ ئەو جیهانەی کە لە بەندیخانەدا دەژین، تیشکی ئاگرەکەش کە لە پشتیانەوە وەک هێزی بەتینی خۆر. بەشەکانی سەرو و سەرنجی ئۆبژەکانیش ئەگەر وەک بەرزبوونەوە بەرەو ڕۆحی ژیری ببینیت، تۆ بەهەڵەدا ناچیت لە بۆچوونمدا.لە جیهانی ئەقڵانیدا، فیکرەی (باشی) سەرنجی ڕووناکی، لە کۆتاییدا دەبینرێت بە ئازارەوە، بەڵام ناتوانین وەهای نەبینین کە دەرئەنجامی هۆکاری جوانی و مەزنی هەموو شتێکە؛ کە جیهانی بینایی خاوەندارێتی، ئەفراندنی ڕووناکی و حوکمڕانی، ڕووناکییە؛ لە جیهانی هەستەکیدا هەر ئەوە کە حوکم دەکات و خاوەنی هەقیقەت و ژیرییە؛ دەبێت ببینین بۆ ئەوەی بە ئەقڵ و ژیرییەوە هەڵسوکەوت بکەین.

ئێســـتاکە لێکدانەوەیەک دەکەین بۆ ئەم تێکســـتە بە ڕەچاوکردن لەوەی دەیزانین لەســـەر میتافیزیکی پلاتۆنی. پێش هەموو شــتێک دەبێت باســـی مێتافۆری ئەو ئەشکەوتە بکەین. ئەشکەوت چییە؟ شوێنێکی تاریک و ژێرزەمینیە. ئێستا با بزانین لەســـەر ئاســـتی هیما چیمان پێ دەڵێت؟ تاریکی بێگومان دەمانباتەوە بۆ فیکرەی نەزانین، تـاریکی کە بەرامبەر بە ڕوونـاکی دەوەســـتێتەوە، ڕۆشـــنـایی هەردەم بەســـتراوەتەوە بە مەعریفە و زانینەوە، بە هەقیقەتەوە لە زمانی ڕۆژانەدا، کاتێک پرســـیار دەکەین لە کەســـێک شـــتێکمان بۆ ڕوون بکاتەوە یان ئەو کەســـە وەک ڕۆشـنایی وەهایە، یان کاتێک دەڵێین؛ کەسـێکی ڕۆشـنبیرە. ڕۆشـنایی کە هەموو شـــتێک ڕوون دەکاتەوە و دەیبینین، ڕۆشـــنـایی هیمای زانین و ژیرییە و تاریکی بەپێچەوانەوە. ئەوەی کە خۆی دادەخـات لە تـاریکیدا و پەنـا دەبـاتە بەر تـاریکی، کەواتە مەبەست لە ئەشکەوتەکە نەزانینە، ئەگەر ئەشکەوتەکە ژێرزەمینیە دەتوانین ببەستینەوە بە ئۆردەری شتەکان کە دەیدۆزینەوە لای پلاتۆ و لە ئنتیکیتێدا(سەردەمی ســەرەتای نووســین هەتا کەوتنی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم)، بە شـیوەیەکی گشـتی شـتە ســەرەتاییەکان بەشـی نزمترینن، وەک ســووکترین و هیچوپووچترین ناســراون، ئەمەش دەمانبـاتەوە بۆ جەهەنم لە مەســیحیەتدا؛ جەهەنم بەرامبەر بە ئاســـمانی بەهەشـت دەوەسـتێتەوە، سفێر خۆی سفێری ڕۆحە. کاتێکیش دەڵێین بەرز دەبینەوە یان دەچینە ئاسمان، بە مانای بڵندی بەشـی ئاسمانی لە چاو بەشـی زەمینیدا، کەواتە هەڵبژاردەی ئەشـــکەوتێکی ژێرزەمینی بە مانـای نزمترین ئۆردەری زانین دێت، دەبێت شـــتیکیشـــی بۆ زیاد بکەین ئەویش ئەوەیە لە کۆنســـێپتی ڕۆحی پلاتۆنیدا، زەمین پێویســـتی فیزیۆلۆژییە واتە پێویســـتی ماتریاڵە، ئەوەی دەمانبەســـتێتەوە بە ســـروشـــتی ئـاژەڵییەوە. بۆیە لە شـــاری پلاتۆنیـدا لە بەشـــی خوارەوەی پیرامید(هەرەم)ەکەدا، کارمەند و جوتیاران، واتە ئەوانەی ئیشـــی زەمینی دەکەن، ئیشـــی جەســـتەیی، ئیشـــی دەســـتی، وەک کەســـانێکی پێوســـت بۆ بەردەوامی و لەناونەچوون پێویســـتن، لەبەر ئەوەی ئێمە وەک ئاژەڵ پێوســـیتمان بە پێویســـتییە فـیـزیـۆلـۆژیـیەکـانە بـۆ تـێـرکـردنـمـان، لەو لای هەرەمەکەوە، لە پـۆپەی پیرامیـد(هەرەم)ەکەدا حوکمڕانەکـان دەبینین کە بریتین لە فەیلەســـوفەکـان، واتە ئەوانەی پەرەدەسێنن لە پانتاییی ئاسـمانیدا، بەهەشـتیدا، واتە لە بیرۆکەکاندا، لەبەر ئەوەی ئەوە هزرە کە حوکمی جەسـتە دەکات، حوکمی ماتریاڵ دەکات، ماتریاڵ کە بەســـتراوەتەوە بە فیکرەی چڕی، قورســـایی، لەبەر ئەوەی کاتێک ئۆبژەیەک بەر

دەدەینەوە دەکەوێتە سەر زەمین، ئەمەش قانونی هێزی ڕاکێشانە وەها دەکات کە قورسایی زیاتر دەبێت کاتێک لە زەمین نزیکترە، بەڵام لە هەوا و بەرزاییدا زیاتر ڕزگارمان دەبێت لەو هێزە. بۆ کورتکردنەوەی باسەکەمان ڕوونکردنەوەی میتافۆریکی نەزانینی خاڵی دەستپێکی مرۆڤە کە باری مرۆڤمان پیشان دەدات لە لەدایکبوونییەوە. چونکە دەبێت ئەوە باش بزانین کە هیچ خۆبەکەمزانینی تێدا نییە لەوەی کە هەموومان لە نزمترین پلەوە دەست پێ دەکەین، واتە لە سفرەوە. بۆیە ئەلیگۆریی ئەشکەوت پێمان دەڵێت؛ ئێمە وەک مرۆڤ ڕاستەوخۆ لە زانیندا نین، لە پانتاییی ئیسپری(esprit) و ئەقلانیدا نین، شتێکە پێویستی بە کار و بە پرۆسە هەیە، ئەو پرۆسەیەیە کە دوابەدوا لە ئەلیگۆریی ئەشکەوتدا پێویستمان دەبێت.

دووهەمین شت کە سەرنجمان ڕادەکێشێت ئەوەیە کە کەسایەتییەکان بە زنجیر بەستراونەتەوە، واتە؛ بەندکراون، مەبەست لە بەستنەوەیان چییە؟ مانای وایە توانای بزاوتنیان نییە، واتە بۆیان هەڵناکەوێت بە جۆرێکی تر سەرنجی ئەو ئۆبژانە بدەن، ناتوانن ملیان وەرگێڕن، جێگایان بگۆڕن، لەبەر ئەوەی زانین بە سەرنجدان دەست پێ دەکات، بە بەراوردکردنی شتەکان، زانین ئەوەیە کە ئێمە خۆمان لە ئۆبژەکە جودا دەکەینەوە بۆ بینینی ئۆبژەی تر. بەراودکردنە، بە پەیوەندیی کردنە، زانین پێشنیاریی پەیوەندییە بە چەندایەتییەوە کە ماهیەتی زانین بەرهەم دەهێنێت بە دەرککردنی ڕەمەکی لە نموونەیەکی زۆری زانستێکی تایبەتییەوە، ئەمەیە کە پێی دەڵێن؛ میتۆدی ئەنجامگیری کە لای ئەمپێریسم (**Empirisme**) [٢] دەیدۆزینەوە. واتە بەردەوامبوون لە سەرنجدان و بەراوردکردنی ئۆبژەی ئەزموونەکانمان، دەتوانین سەرنجی قانون و گشتایەتی کە پەیوەستن بەو ئۆبژانەوە، تێیان بگەین، بۆیە بۆ پلاتۆ بەراوردکردن دووهەم پلەی زانینە کە ڕیگەپێنەدراوە بۆ بەندکراوەکانی ناو ئەشکەوتەکە، لەبەر ئەوەی توانای جووڵاندنیان نییە و بەو هۆیەوە توانای بەراوردکردنیشیان نییە، واتە ئەوان بە یەکەم پلەی زانین سنووردار کراون، واتە زانستی ماتریاڵی تایبەت، ماتریاڵی تایبەتیش دژ بە ماتریاڵی گشتییە، دژ بە ماتریاڵی هەمەکی دەوەستێتەوە، ئەگەر

---

Empirisme[٢] ئەو تیۆریەی کە بەدەستهێنانی هەموو عیرفانێک دەبەستێتەوە بە ئەزمونەوە.

بەندکراوەکان بیانتوانیایە ملیان وەرگێرن دەیانتوانی ئاشــناییان بە ماتریاڵی گشــتی هەبێت، کە دووهەم پلەی زانینە، ئەوەیە کە پلاتۆ ناوی ناوە؛ ماتریاڵی تایبەت کە ناوی نابوو بیروبۆچوون، دەتوانین بڵێین بیروبۆچوونی ســەرلێشــێواو لە بوارێکدا یـان بۆ ئۆبژەیەک کە جیاوازە بە شــیوەیەکی گشــتی لەوەی کە نـاوی نـابوو؛ بیروبۆچوونی ڕاســت، کە بریتییە لەو بۆچوونەی کە بە بەردەوامی بە ئەزموون و بەراوردکردن، بە ڕووبەڕووبوونەوەی چەندایەتی.

وەک ســەرنجتان دا لە هەردوو بارەکەدا لە زانســتی ماتریاڵداین، واتە هەرچۆنێک بێت زانستمان لەسەر بابەتی فیزیاییە، بەڵام وەک وتمان بۆ پلاتۆ جیهانی هەستەکی خاوەنی پلەی هەقیقەتی جیهانی ئەقڵانی نییە، کەواتە هەموو ئاگاییمان کە لەســـەر جیهانی ماتریاڵ وەدەســت دەخەین، بەهایان نییە، پلەی ئاگاییی جەوهەریان نییە، لە هەردوو بــارەکەدا دەچنەوە بۆ بیروبۆچوون، لەبەر ئەوەی هەقیقەتی مــاتریــال هەقیقەتێکی بزاوتنە، هەقیقەتێکە شــایەنی ڕاســتکردنەوەیە، بۆیە ئاگاییی بە جیهانی ماتریاڵ نامانگەیەنێتە ئاگاییی بە جیهانی ڕاســـتەقینە، واتە ئاگاییی بە جەوهەر، بە ڕاســـتی ناهەســـتەکی، ئەقڵانی. بۆ ئاگاداریتان بۆ پلاتۆ کاتێک دەگەینە هەقیقەتی ئەقڵانی دەچینە ناو زانســـتەوە کە پێی دەڵێین؛ ئێپیســـتمی epistemi [3]. بۆ ئەوەی جیـاوازی زانســـت بکەین لەگەڵ ڕا و بۆچووندا، ڕا و بۆچوون بریتین لە کۆی زنیارییمان لەسەر جیهانی ماتریاڵ.

ئێســتاکە دەگەینە ســێهەم پلەی ئەم ئەلێگۆرییە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو کەســایەتییانە لەوەتەی لەدایک بوون بەســتراونەتەوە، مەبەســت لەم گوزارشــتە چییە کە دەڵێین لەوەتەی لەدایک بوون بەســـتراونەتەوە؟ ئەوە پەیوەندیی بە مەرجایەتییەوە هەیە، واتە ئەو کەســـایەتییـانە هیچ ژیـانێکی بەراوردی تریـان نییە جگە لەو ژیـانەی ئەشـــکەوتیان نەبێت، واتە تواناى ئەوەیان نییە تێڕوانینێکی تریان هەبێت لەســـەر جیهان، بەندکراوی ســـەرنجدانیانن، بەندکراوی بابەتیانن، بەندکراوی خودیانن ( subjectivity )، ئـێـمە دەزانـیـن کە زانـیـن بە واتــای ڕووبەڕووبـوونەوەی بۆچوونەکانە، پرۆســەی ترانس ســوبیژەکتیڤاســیۆنە، واتە؛ دابڕانی، هەڵکەندنی لە بۆچوونەکەی، دەشزانین کە ســەردەمی منداڵی ســەردەمی بنیاتنانی ئیسپرییە(هۆش،

[3] Epistimologie ؛ **تیۆری زانین**

ئەقڵ)ە، سەردەمی بەتینی بنیاتنانی فێربوونە، ئەو سەردەمەیە کە ڕێگا بۆ فێربوونی گونجاوترین دەڕەخسێنێت.

بۆ ئەوەی جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ مەرجداریمان، ئەوە ڕوونە کە باشترین ڕێگە بۆ چوونە ناو کۆنسێپتی ژیان لای کەسایەتییەک ئەوەیە کە هەر لە منداڵییەوە کاری لەسەر بکەین، لەبەر ئەوەی چەندە فیربوون زووتر دەست پێ بکات هێندەش زیاتر ئاسانترە سیستەماتیزە ببێت.

بەوجۆرەی ئەو کەسانەی کە بەستراونەتەوە لەوەتەی لەدایک بوون، تێماندەگەیەنن هەتا چەندە ئاگاییان گۆشەگیر کراوە، دەری دەخات چەندە گرانە بۆ بازادن بەسەر گێلیان، نەزانینیان، بۆ گەیشتن بە پلەیەکی بەرزی زانین. گۆشەگیری، لاتەریکی، ئەو سەختییە بنیاتنەرەیە کە ڕێگەمان پێ نادات بتوانین بە جۆرێکی تر جیهان ببینین، ناتوانین ڕادیکاڵی شککردن لەوەی کە باوەڕمان وابوو دەیزانین. لەو ڕووەوە دەتوانین بڵێین کە وێنەی کەسایەتییەکانی ناو ئەشکەتەکە بە چواندنی ئێمەیە. بە شوبهاندنی ئێمەیە وەک ئەوەی سوقرات دەڵێت؛ بە وێنەی ئێمە کۆندیسیۆن(مەرجدار) کراوین، مەرجدارکراوین بە باوەڕبوون بە خودا، بە هەڵسوکەوت، لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی بەردەوامی دووبارەمان کردوونەتەوە بۆ ماوەیەکی زۆر لە لەدایکبوونمانەوە، دواجار خۆی دەگونجێنێت لەگەڵماندا وەک ئەوەی ناتوری دووهەمان بێت، بەردەوامی بە خوو و ڕەوشت، ناتوری دووهەممانە، بەو پێیەی کە ناتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کە بە ئەزموون تیایادا نەژیاوین، زۆر گرانە لە حاڵەتی نائاگایی و نەزانین خۆمان ڕزگار بکەین کە تیایاد ئێمە بەندکراوین لە منداڵیمانەوە، ئا لێرەدا دەگەینە بەشی سەرەکیی ئەلیگۆریی ئەشکەوت، واتە؛ سێبەرەکان.

سێبەر چیە؟ نواندنی سێبەری ئۆبژەیەکە بە تێپەڕبوونی ڕۆشنایی پیایدا، کەواتە سێبەر ئۆبژە خۆی نییە، سێبەر جێ شوێنی ئۆبژەیە، مۆرکی ئۆبژەیە، کەواتە هەڵەی بەندکراوەکان، کە هەڵەیەکی لۆژیکە، ئەوەیە کە ئەو سێبەرانە وەک ئۆبژە خۆی دەبینن، وەهای دەبینن کە جێی شوێنی ئۆبژەکە،ئۆبژەکە خۆیەتی. سێبەر، ئۆبژە خۆی نییە، لەبەر ئەوەی خۆی ئۆتۆنۆم نییە وەک ئۆبژەکە، دوای ئۆبژە دەکەوێت، پێویستی بە ئۆبژەیە، ئۆبژە سەرچاوەی سێبەرە، بە هەمان شێوە جەوهەر، هەقیقەتی ئەقڵانی سەرچاوەی ئۆبژەی فیزیایی و ماتریاڵە، بۆیە کاتێک بەندکراوەکان سێبەرەکان وەک ئۆبژەی هەقیقی دەبینن هەمان هەڵەی ئێمە دووبارە

دەکەنەوە کاتێک ئێمە سەیری ئۆبژیەکی فیزیکی دەکەین وەک هەقیقەتێکی ڕەوان دەیان بینین، واتە هەقیقەتی جەوهەری، ناهەستەکی، ئەقڵانی(intelligible ).
دەتوانین شتێکی تری بۆ زیاد بکەین ئەویش ئەوەیە کە سێبەر ناوچەیەکی تاریکییە، مێتافۆری نەزانینە، کەواتە سێبەر زۆنێکی تاریکە، لە هەمان کاتدا سێبەر تێکشکاندنی ئۆبژەیە، لەبەر ئەوەی سێبەر درێژ، کورت، گەورە دەبێت. دەتوانین بڵێین ناتوری ئۆبژە دەگۆڕیت، بە هەمان شێوە بۆ پلاتۆ جیهانی هەستەکی ناتوری گزە تیاکردن، تێکشکاندن، فێڵ تیاکردنی هەقیقەتی ئەقڵانییە، تێکشکاندنێک کە پەرە دەسەنێت بەگوێرەی ئەوەی چۆن ئۆبژەکە بە چ دوورییەک لە ڕووناکییەکەوە دانراوە سیبەرەک شکڵی جیاواز وەردەگرێت، بە هەمان شیوە ئۆبژەیەکی فیزیاییی لەگەڵ کاتدا شکڵی دەگۆڕیت، هەروەها ئۆبژەی جیاوازی پەیوەندبەندی هەمان جەوهەر، جیاوزن لەگەڵ یەکتردا. وەک پێشتر وتم، لە جیهانی ماتریاڵدا، دوو ئۆبژەی وەک یەک بوونیان نییە، کەواتە ئەگەر فیکرەی پلاتۆ قبوڵ بکەین کە هەموو ئۆبژەیەکی ماتریاڵ ڕەنگدانەوەی ئۆبژەیەکی بزاوتنە، چالاکە لە هەقیقەتێکی ئەقڵانیدا، ئەوکاتە تێدەگەین کە بە هیچ جۆرێک دوو ئۆبژەی لێکچوو بوونیان نییە، دوو ئۆبژە کە تەواو کۆپی هەقیقی و بە ئەمەکی هەقیقەتی ئەقڵانی بن کە سەرچاوەی ئەون.
دوا زانیاری لەسەر سێبەر ئەوەیە کە سێبەر خاوەنی دوو ڕەهەندە، بەڵام ئۆبژەی فیزیایی سێ ڕەهەندە، ئەمەش گرنگە، بۆ نموونە سێبەری کورەیەک دەبێتە دیسکێک، سێبەری شەش پاڵوویەک دەبێتە چوارگۆشەیەک، واتە سێبەر ڕەهەندێکمان پێ ون دەکات، سێبەر بەشێکی بنەڕەتی ناتوری ئۆبژەمان لێ دەسەنێتەوە، ئەمەش سنووری گۆشەنیگای تێگەیشتنی ئێمە دیاری دەکات. لە هەمان کاتدا کە دەڵێم ئۆبژەی هەقیقی خاوەنی سێ ڕەهەندە، لە ڕاستیدا ئەوە دەم چەوتی زمانە، لەبەر ئەوەی ناتوانین دان بەوەدا بنێین کە ئۆبژەی فیزیایی خاوەنی سێ ڕەهەندن، ئەوەی دەتوانین پشتراستی بکەینەوە ئەوەیە کە ئێمە وەها دێتە بەرچاومان، لەبەر ئەوەی ئێمە خاوەنی جیهازێکی هەستەوەرین کە ئەو ئۆبژەیە بە سێ ڕەهەند دەبینێت، بەڵام لە هەقیقەتدا ناتوانین بیسەلمێنین کە جیهان خۆی خاوەنی سی ڕەهەندە، لەبەر ئەوە ئیسپریی ئێمە ناچار نییە جیهان وەها ببینێت وەک ئەوەی کە هەیە، پێ دەچیت ئێمە وەها ناچارکرابین، مەرجدار کرابین کە جیهان وەها ببینین هەتاوەکوو لەگەڵیدا بگونجێین، ئەمەش جیاوازییەکی زۆرە، بۆیە لە

ژیۆمێتریدا نموونەیەکی جوانمان هەیە ئەویش هیپەر شـــەش پاڵووە، بریتییە لە شەش پاڵوویەک کە خاوەنی چوار ڕەهەندە، بۆ ئەوەی بیکەین بە مۆدێلێک واتە؛ بە چاو چوارەم ڕەهەند چییە، زۆر ئاڵۆزە، لەبەر ئەوەی ئێمە هەموو شـتێک بە سـێ ڕەهەند دەبینین، بۆ ئەوەی ڕەهەندی چوارەم ببینین دەبێت خەش، فرۆفێڵ بکەین. ئەگەر بمانەوێت خاڵێک ببزوێنین لەســـەر ئۆبژەیەک کە خاوەن چوار ڕەهەندە، بە چاوانمان وەهای دەبینین وەک ئەوەی خاڵەکە بە دیوارێکدا تێپەڕێت، بێگومان زۆر کەس حەزیان بە خێو و جنۆکەیە کە توانایان هەیە بە دیواردا تێپەڕن، پێ دەچێت کە خێوەکان توانای ئەوەیان هەبێت بە چوارەم ڕەهەندا تێپەڕن.

هەموو ئەمانە بۆ ئەوەیە پێتان بڵێم ئەو ئاخافتنانەی کە بەندکراوەکان هەیانە لەسـەر سێبەرەکان، ئەو لێکچوویی و ئاخافتنانەیە کە ئێمە هەمانە لەسەر هەقیقەتی ئەقڵانی، ئەو ئاخافتنانەش ناتوانن ڕاســـتی بن بەتەواوی، لەبەر ئەوەی ئەوە گۆشـــەنیگای مرۆڤێکە کە ســـنووردار کراوە لە هەســـت پێکردنیدا. بۆ ئاخافتنێک کە بەرهەمی دەهێنین لەســـەر بنەمای هەســـتپێکردنمان، ناتوانێت ڕاســـت بێت، خۆی بۆ خۆی سنووردارە، مەبەستیش لەوە نییە کە بڵێین ئەو ئاخافتنانە هەموویان ناڕاستن لەبەر ئەوەی ڕاستە لە گۆشەنیگای کەسی سەرنجدار، بەڵام ناڕاستە بە نیسبەت هەقیقەتی ئۆبژەکە خۆی، ئەو ئۆبژەیەی کە گاڵتەی بە ســـنوورداری هەســـتەکانمان هەیە و پێویســـتی بە ڕاســـت دانانی هەســـتەکی ئێمەیە وەک ئەوەی کە خۆی بوونی هەیە، کەواتە ئەگەر ئێوە مرۆڤێکی دوو ڕەهەند بن و من شـەش پاڵوویەکتان پیشـان بدەم، ئێوە لەو حـاڵەتەدا چوارگۆشـــەیەک دەبینن، ئەگەر پەنـاش ببەنە بەر هەموو هەســـتەوەریتان ئەوا هەســـتەوەرییەکانتان هەموویان هەڵەن بە نیســـبەت هەقیقەتی ئۆبژەکەوە، کەواتە ئەگەر زانیاریی لەســـەر ســـێبەرەکان زانیاریی هەڵە بن ئەوا لەبەر ئەوەی زانیـاری نـاتوانێت ڕاســـت بێت ئەگەر زانیـاری لەســـەر ئۆبژەی هەستپێکراو ناتەواو بێت، زانیاری ناتوانێت ڕاست بێت ئەگەر ئێمە بەهەڵەدا بچین لەسـەر هەسـتکردن بە ئۆبژەیەک. زانیاری ناتوانێت هەقیقەت بێت ئەگەر بەهەڵەدا بچین لەســـەر ناتوری ئەو ئۆبژەیەی کە دەمانەوێت بیناسـین، بۆیە زانیارییەکانمان لەســـەر ســـێبەر، زانیاریی هەڵەن، هەر بۆیەش پلاتۆ دەیچوێنێت بە نەزانین، بە گێلی، بێگومان گێلییەکی تەواو نییە چونکە گێلی پێرفێکت بوونی نییە، هەر بۆیەش پلەی زانیاریی هەڵە سـەرەتایەکی گرنگە بۆ گەیشـتن بە زانینی ڕاسـتەقینە وەک لە

دیالەکتیکی هیگڵدا دەیبینین؛ هەڵە ساتێکە لە ڕاستی، ڕاوبۆچوون بنەمای زانین، ناتوانین قوچی پیرامیدێک دابڕێژین بەبێ ئەوەی فۆندەیشنەکەی دانەنێین.

ئەگەر یەکەم گرێبەندیمان بۆ ئەلیگۆریی ئەشکەوت بکەین، ئەوەیە کە بەندکراوەکان سێبەرەکان تێکەڵ دەکەن لەگەڵ ئۆبژەی هەقیقەتد، رووکەشی هەستەکی لەگەڵ جەوهەری ئەقڵانی، ئاوا تێدەگەین کە هەموومان بەندکراوین لەو ئەشکەوتەدا. ئێمە باسی جیهان دەکەین وەک ئەوەی دەیبینین و هەستی پێ دەکەین، وەهاش باوەڕمانە کە زانیاری بە گەرماوگەرم لەسەر ئەو جیهانەدا وەردەگرین بەبێ ئەوەی بزانین کە زانیارییە ڕووکەشییەکانمان لەسەر لم ڕاوەستاون، لەبەر ئەوەی ئۆبژەکانی زانینمان تەنها سێبەری ئۆبژەی بەسەرچوون، دەرهاوێژی ئۆبژەی بزۆکن، هەقیقەت پێک ناهێنن وەک ئەوەی کە هەن، واتە هەقیقەتی جەوهەری هەتاهەتایی.

ئێستا دەچینە پلەیەکی تری ئەلگۆرییەکە ئەویش ئازادکردنی بەندکراوەکانن. پلاتۆ پرسیار دەکات ئایا چی ڕوو دەدات ئەگەر زنجیرەکانیان بشکێنین؟ بۆ ئازادکردنی بەندکراوەکان پێویستمان بە دەستێوەردانی هێزێکی دەرەکی هەیە، پێویستمان بە ئاکتێکی ئازادکردنە، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە دەستکەوتنی زانین پرۆسەیەکی کوتوپڕ نییە، پرۆسەیەکی ئۆتۆنۆم نییە، لەبەر ئەوەی هیچ پاساودانێک نییە کە ئێمە لە نازانین بچینە دەرەوە ئەگەر نەزانینمان ڕووبەڕووی دژ، ڕووبەڕووی ناکۆکی نەبێتەوە، ڕووبەڕووی شتێکی بیانی نەبێتەوە کە بیداتە بەر پرسیار، لەبەر ئەوەی جیهانی خەیاڵ، جیهانی ڕووکەش، جیهانی وێنا، دەتوانێت جیهانێکی تەواو لۆژیک بێت، دەتوانین سیستەمێکی ئەنتەلەکتوێلی تەواو یەکانگیر دروست بکەین لە دەوری حاڵەتێکی ناجێگیردا، دەتوانین زانیارییەکی لۆژیک بنیات بنێین لەسەر بنەمای شتێکی هەڵە، لێرەوە دەستێوەردانی دەرەکی پێویستە، مەرج نییە کەسێک بێت ئەو دەستێوەردانە بکات، لەوانەیە شتێکی گێرەشێوێن بێت، شتێک کە سیستەمەکە بە درۆ دەخاتەوە، ڕووبەڕووی پرسیاری دەکاتەوە، بۆ نموونە بروسکەی سەرسوڕمان. بۆ باسکردن لە ئەریستۆ، دەڵێن؛ فەلسەفە کچی سەرسوڕمانە. وشەی سەرسوڕمان (etonnement)، هەمان ئەنتیمۆلۆژی وشەی هەورەگرمە ( tonnerre )ی هەیە، هەورە بروسکەیە کە خۆی دەکێشیت بەسەر باوەڕداریماندا، بەسەر ئەوەی وەهامان باوەڕە کە ڕاستە، ئەمەش پرەنسیپی دیالەکتیکمان وەبیر دەخاتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە دەچینەوە بە خۆماندا بە هۆی

دەســتێوەردانی ئەوی ترەوە، هەردەم ئێمە پێویســتمان بە ڕای کەســێکی دەرەوەی خۆمانە بۆ ئەوەی بە خۆماندا بچینەوە، ئێمە لە هەمان کاتدا ئەو کەســەین کە خۆمان باشتر دەناسین لەبەر ئەوەی لەگەڵ خۆمانداین بیست و چوار سەعات لەسەر بیست و چوار و دوانزە مانگی ســاڵ، لە هەمان کاتدا خۆمان ناناســین، بۆچی؟ لەبەر ڕاهاتوویی بە گوێ پێ نەدان، نموونەی ڕێگایەک بهێنینەوە کە هەموو ڕۆژێک پێیدا تێدەپەڕین بۆ چوونە ســەرکار، چەندە بەو ڕێگایەدا خۆمان ڕابهێنین هێندەش کەمتر سەرنجی دەدەین، بە هەمان شێوە بۆ ئەوەی باوەڕداریمان بخەینە شکەوە و بیدەینە بەر پرسیار، پێوستمان بە دەستیوەردانی دەرەکییە هەتا بە خۆماندا بچینەوە، بێگومان ئەم دەستێوەردانەش هەردەم بە ناپەسەند وەردەگرین، لەبەر ئەوەی ئەوی تر جێگۆڕکێمان پێ دەکات لە مسـۆگەریمان، وەهامان لێ دەکات کە ســەرنجی هەندەک شت بدەین کە هەرگیز سەرنجمان نەدابوون، ئەو شتانەی کە ئارەزوومان نەدەکرد خۆمـانی ڕووبەڕوو بکەینەوە و ئەوی تر ڕووبەڕوومـانی دەکـاتەوە بە شــێوەیکی داخوازی، هەر بۆیەش زۆر جار گرنگی دەدەین بە ڕای ئەوانەی کە خۆشــمان دەوێن، لەبەر ئەوەی دەزانین کە بۆچوونیان بەهادارن، بۆچوونی ئەوی تر بە گرنگ دەزانین لەبەر ئەوەی دەزانین کە ئەو بە جۆرێکی تر دەڕوانێتە ئێمە، تێمان دەگەیەنێت کە ئێمە مەرج نییە ئاگامەند بین، ئەمەیە دیالەکتیکی زانین.

وەک وتمان جێگۆڕکێ کردن بە بیروبۆچوونمان دەمانخاتە بارێکی ناســازەوە، دەمـانبـاتەوە بۆ بیرۆکەی تیشــکی نـاخۆش و چـاوهەڵنەهـات و لە ئەلیگۆریی ئەشــکەوتدا، ڕەشــکە و پێشــکەی چاوی بەندکراوەکان بەرامبەر بە تیشــکی خۆر، ڕەشکە و پێشکە چییە؟ شۆکە، دژوارییە، شەوقێکی زۆر کوتوپڕ و توندوتیژە هەتا بتوانین قبوڵی بکەین. ئەوەش مێتافۆرێکی جوانە بۆ کاریگەریی هەقیقەت کاتێک ڕووبەڕووی دەبینەوە، وەک ئەوەی هەقیقەت کوێرمـان دەکـات، بە هۆی ئەوەوە نییە کە هەقیقەتە، لەبەر ئەوەیە کە چاومان پێی ڕانەهاتووە، ئەوەیش هەقیقەت نییە کە کوێرمـان دەکـات، ئەوە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەمـانە لەگەڵ شــتێکی نوێدا، چونکە هەقیقەتێکی قبوڵکراو و هەرســکراو کـارەکتەری دژواری خۆی گوم دەکات، بەڵام ئەگەر لە ســەرەتاوە ڕووبەڕووبوونەوەی هەقیقەت شـتێکی ناسـازە، ئەوا پلاتۆ پێمان دەڵێت؛ چاوانمان ڕادێن بە هەقیقەت، بۆ ئەوەش پیویســتمان بە کاتە.

ئەوەی پلاتۆ دەیەوێت پێمان بڵێت، کارەکتەری پلە بە پلەی ڕێگای هەقیقەتە، لەبەر ئەوەی گەیشــتن بە زانین بە بازدانێک ڕوو نادات، بە بازێک لە نەزانینەوە ناگەین بە زانین بەبێ قۆناغی نێوەند، بۆیە تێکســتەکە پێمان دەڵێت کە بەندکراوەکان لە سەرەتاوە سێبەر دەبینن پاشان شەوقدانەوەی شتەکان لەناو ئاودا، لە ئاو دابەشی زنجیرە پلەیی بەشەکان دەدۆزینەوە، چونکە ئاو لەسەرووی زەوییەوەیە، پاشان ئۆبژەکان خۆیان دەبینینەوە.

پلاتۆ پرۆســەی زانینمان بۆ ڕوون دەکاتەوە وەک پرۆســەی ســەرکەوتن، وەک پرۆسەی بەرزبوونەوەی ڕۆح بەرەو ئەقڵانی دەبینێت. لەو پرۆسەیەدا دەشێت ئێمە ڕاســتەوخۆ ئۆبژە خۆی ببینین، بەرامبەر ئەوەی پلاتۆ ناوی ناوە؛ قوڵبوونەوە لە جەوهەر، کاتێکیش دەگەینە ئەو قۆناغەی زانین، ئەوســا دەچینە دەرەوەی مەجالی بیروبۆچوون، واتە زانینی هەقیقەتی هەستەکی و دەچینە ناو زانینی زانست، واتە هەقیقەتی نائەقڵانی. بۆ وێنەکێشــانی بەرزبوونەوەی ڕۆح بەرەو جیهانی ئەقڵانی نموونەی جوانی و قەشەنگی دەهێنمەوە.

پلاتۆ پێمان دەڵێت بۆ گەیشتن بە فیکرەی جوانی واتە جوانی وەک شکڵی ئەقڵانی، گرنگە قۆناغەکان ڕەچاو بکەین، یەکەم قۆناغ ناســینەوەی شــتێکی جوانە، یان کەســێکی جوانە، واتە وەک وتمان هەســتکردن بە ئۆبژەیەکی ماتریاڵی تایبەت، ئەوەش کاتێک ڕوودەدات کە شــتێکی جوان دەبینین یان کەســێکی جوان، کاتێک ئێوە خۆتان بەرامبەر بە کەســێکی جوانی تایبەت دەبیننەوە. قۆناغی ســەرووتر، ناســینەوەی جوانییەکانی ترن؛ کاتێک ئێوە لە تواناتاندا هەیە فیکرەیەکی گشــتیی جوانیتان بۆ هەموو شــتێک و هەموو کەســێک هەبێت کە خاوەنی ئەو جوانییەن، ئەوجا دەگەینە دووهەم پلەی زانین کە بریتییە لە زانینی ماتریاڵی گشــتی، بەڵام لەم دوو قۆناغەدا هێشــتا لە زانینی ماتریاڵداین، ئەوەی پلاتۆ ناوی ناوە: بیروبۆچوون ( Doxa)، بۆیە پێویستمان بە قوناغی سێهەمی زانینە ئەویش قۆناغی جوانییە لە "خود"دا، جوانی وەک هزر، وەک فیکر، جوانی لە "خود"دا بەمانای چی دێت، بە مانای ئەو جوانییەی کە خۆی مانیفێســت دەکات لە شــتی جواندا، واتە ئێوە ئیتر پێویســتان بەوە نییە ســەرنجی شــتی جوان بدەن بۆ ناســینەوەی جوانی یان بزانن جوانی چییە، ئەمەش وەها دەکات کە ئێوە جوانی لە هەموو شــتێکدا ببینن، تەنانەت لەو دیوی ئەوەی کە بوونی هەیە، لەودیو ئەوەی کە شــکڵیکی مـاتریـاڵی هەیە، ئەمەیە کە پلاتۆ ناوی ناوە؛ بیرۆکەی جوانی لە "خود"دا، ئەمەیە کە تاج دەخاتە

سەر پرۆسەی ئابستراکسیۆن(abstraction)، واتە پرۆسەی بەرزبوونەوەی ڕۆح بەرە ئێسپری، سەرکەوتن بەرەو زانینی ناماتریاڵ، بە مانای ڕێگای گەیشتن بە جەوهەر، لەبەر ئەوەی بۆ پلاتۆ زانین هەردەم زانینی ناماتریاڵە. دەگەڕێینەوە بۆ نموونەی بازنەکە، بازنەکە پێش ئەوەی ئێوە ببینن و هەستی پی بکەن بە هەستەکانتان، پێش هەموو شتێک هەقیقەتێکی ئەقڵانییە، فیکرەیەکە، کۆنسێپتێکە، بازنە هەقیقەتێکی مەعنەوی کە دەتوانێت لە جیهانی ماتریاڵدا خۆی ببینێتەوە، بە هەمان شیوە لە چەمکی جوانیدا ئێوە پێویستتان بەوە نییە بزانن کەسێک جوانە یان کەسێکی جوان بهێننە بەرچاوی خۆتان بۆ ئەوەی زانینی ئەوەتان هەبێت کە جوانی چییە، جوانی دەبێتە هەقیقەتێکی مەعنەوی (ڕۆحی)، هەقیقەتێکی ناماتریاڵ هەقیقەتێکی ناهەستەکی، ئەقڵانی.

وەک وتم زانین لای پلاتۆ زانینی ناماتریاڵییە لەبەر ئەوەی زانینی شتی ماتریاڵ لەژێر کاریگەریی جۆراوجۆری، ناجێگیریی شتی ماتریاڵن، پەیوەستە بە پەرەسەندن و وەرچەرخاندنی ماتریاڵەوە، ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت کە زانیارییەکانمان لەسەر ئۆبژەی ماتریاڵ ڕەوایە لەماوەی ئەو کاتەدا کە ئۆبژەکە وەک خۆی وەهایە، لە خۆی دەچێت، گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەموو ئەو شتانەی لە جیهانی ماتریاڵدان بە بەردەوامی لە پەرەسەندندان زانیارییەکانمان لەسەر ماتریاڵ ناڕەوان لەو کاتەوەی کە ئۆبژەکە وەک ئەوە نییە کە هەبووە، بەڵام جەوهەرەکانی شکڵی ئەقڵانی گۆڕانکارییان بە سەردا نایەت، بێ جووڵەن، بێ گۆڕانکاریین. کاری هەموو فەیلەسوفێکیش ئەوەیە کە لە هەموو شتێکدا ئەو جەوهەرە بدۆزێتەوە کە دەیبزوێنێت، کە دەیژییەنێت، بۆ نموونە ناسینەوەی جوانی لە هەموو ئەو شتانەی جوانییان تێدایە. بەڵام لای پلاتۆ جەوهەرێکی هەرە بەرز هەیە، جەوهەرێک لە سەرووی جەوهەرەکانەوە ئەویش باشەیە، باشە لە "خود"دا. فیکرەی باشە، لە ئەلیگۆریی ئەشکەوتەکەدا بە خۆر نیشاندراوە، لەبەر ئەوەی خۆر ئەوەیە کە بە هۆیەوە ژیان بوونی هەیە، بە گەرمایییەکەیەوە، هەروەها دەیناسینەوە بە تیشکەکەیەوە، ئاگر لە هەمان کاتدا باری ئاگا لێ بوون، پاراستنی ژیانە هەروەها مەرجی زانینە، واتە مەرجی ئاگاییمانە، ئەگەر ئەمە کۆ بکەینەوە، ژیان لەگەڵ ئاگایی، دەمانگەیەنێتە باشەی هەرە بەرز، بەرزترین پلە کە مرۆڤ بتوانێت پێی بگات، ژیان دیارییەکە و ئاگاییی بە ژیان

ئاگاییه بەو دیارییەی کە پێمان دراوە. دیاریش هەمیشـــە دەمانباتەوە بەرامبەر بە بەرپرســـیارییەتی، ئەویش گرنگیدانە بەو دیارییە، هەروەها ئێمە بەرپرســـین لەو کارانەی لە ژیـانمـاندا دەیکەین. لای پلاتۆ باشـــەی هەرە بەرز ئەوەیە کە خۆی دەچوێنێت بە یەک، بە بەیەک بوون، یەک بریتییە لەوەی کە لە ســـەرووی فرەیی، چەندیەتی حوکم دەکات، ئێمە هەموومـان زارۆکی (یەک)ین، کاتێک هاتینە دنیاوە کەوتینە ناو فرەییەوە، کەوتینە ناو ئاژاوە و پشـێوییەوە، لە یەکی ســەرەکییەوە جودا بووینەتەوە، جودا بووینەتەوە لە نەمرییەوە، بەڵام بەشـــیک لە ئێمە ئەو نەمرییەی هەر تێدا ماوە، ئەویش ڕۆحمانە، ڕۆحمان کە هەقیقەت دەناسێت، ڕۆحمان وەبیری دێتەوە کە لە (یەک)ەوە هاتووە و ئارەزووی ئەوە دەکات لەگەڵیدا یەک بگرێتەوە، ئاوا دەتوانین بەردەوامی بدەین بەم سووڕی سەیروورەیە.

سوپاستان دەکەم